# بانگەوازی خۆپیشاندان

ڕێکخراوی پەنابەرانی کوردی عێراق لە نەرویج هەڵدەستێت بە سازدانی خۆپیشاندانێک دژ بە سیاسەتی دەوڵەتی نەرویج بەرامبەر بە کێشەی ئەو کەسانەی کە بە MUF ناسراون. دەوڵەت دەیەوێت لە ژێر بیانووی جۆراوجۆرداو لە بڕیاری ساڵی پاری خۆی پاشگەزبێتەوەو سەرلەنوێ چاو بە هەموو ئەو کەیسانەدا بخشێنیتەوەو بەمەش زیاتر لە 800 کەسی لە چاوەڕوانی و دڵەڕاوکێدا ڕاگرتووە. بۆ ئەوەی کە بە یەکجارەکی بتوانین کۆتایی بەم کێشەیە بێنین و هەموو ئەو کەسانە بتوانن لە ژیانێکی ئینسانی و ئارام و دوور لە چاوەڕوانی دا ژیان بەرنە سەر، وەرن و بە خۆپیشاندانی ئێمەوە پەیوەست بن.

داوا لە هەموو کوردەکانی دانیشتووی ئۆسلۆو دەوروبەری و هەموو ئینسانێکی ئازادیخواز و هەموو ڕیکخراو و نیهادە ئینسانیەکان دەکەین کە بەم خۆپیشاندانەوە پەیوەست بن تا بە هەمووان بتوانین فشارێکی زیاتر بۆ دەوڵەت بێنین و بۆ یەکجارو دوواجار کۆتایی بە کێشەی ئەم ئینسانانە بێنین و هەموو بە یەکدەنگ داوا بکەین کە مافی مانەوەو ئیقامە و پەنابەری مافێکی سەرەتایی یە و دەبێت ئەم ئینسانانە لێی بەهرەمەند بن.

**شوێنی کۆبوونەوە**: مەیدانی Youngstorget واتە مەیدانی بەردەم LO وە لەوێوە بە ڕێپێوان دەڕۆین بۆ بەردەم وەزارەتی کارو تێکەڵبوون AID

**کات**:ڕۆژی **شەممە** کاتژمێر **12** نیوەڕۆ، بەرواری **3** ی **فیبروار**ی 2007

**بۆ زانیاری زیاتر پەیوەند بکەن بەم ژمارە تەلەفۆنانەی خوارەوە:**

47292309      99334231

یان ئیمەیڵی: ikafn@yahoo.com

**ڕێکخراوی پەنابەرانی کوردی عێراق لە نەرویج**

**22.02.2007**